# دادگاییو سزا پێویست بوو، بەڵام ئیعدام ڕێگاچارە نەبوو

## بە بۆنەی ئیعدام کردنی باندی تاوانباری شیخ زاناوە

**ریبوار ئەحمەد**

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا، سزای ئیعدام بەرامبەر باندی تاوانکارو تیرۆریستی شیخ زانا بەرێوەبرا. خەلکی کوردستان دەزانن ئەم باندە چ تاوانێکی گەورەو سامناکو راچڵەکێنەریان ئەنجامداوە. لە بەرامبەریشدا بە حەق نەفرەتی خەلك بەرامبەر ئەم باندە شەپۆل دەدات. خەلکی کوردستان لە ماوەی یەکساڵی رابردوودا سەبری لێ بڕابوو بۆ دادگایی کردنو سزادانی ئەم تاوانبارانە. ئەو نیگەرانیە لە ناو خەلکدا فراوان بوو کە ئەم باندە سزای خۆیان وەرنەگرنو لە بەندوبەستێکدا بۆی دەربازبن. چونکە خەلکی ئەم کۆمەلگایە نمونەی وایان زۆر دیوە. ئێستا کە ئەم باندە ئیعدام کراون، دەسەڵاتداران وا دەنوینن کە پەیگیریەکی گەورەیان بە خەرجداوە بۆ سزادانی تاوانبارانو ئینسان کوژان، بەم جۆرەش بە تەنگەوە هاتنی بێدریغی خۆیان بۆ خەلكو ژیانو ئەمنیەتی خەلك بەجێگەیاندوە .

بەڵام لەگەل ئەوەی زۆر پێویست بوو ئەم تاوانکارانە دادگایی بکرێنو سزای شیاوی خۆیان وەرگرن، لەگەل ئەوەی کە زۆر پێویست بوو، ئێستاش هەر زۆر پێویستە کۆمەلێك ئیجرائاتی زۆر جدی بکرێت بۆ دورخستنەوەی کۆمەلگا لە دەستی تاوانکارانەی ئەم جۆرە باندە خوێنڕیژە. بەلام من لەم نوسراوەیەدا دەمەوێ روونی بکەمەوە، کە ئیعدام ریگاچارە نەبوو، دەمەوێ روونی بکەمەوە کە تراژیدیەکی گەورە لە پشتی ئیعدام بەگشتیو هەر بەم پێیەش ئیعدام کردنی ئەم باندەوە خۆی حەشارداوە. دەمەوێ روونی بکەمەوە کە ئیعدام بەگشتیو ئیعدام کردنی ئەم باندەش تۆوی تاوانکاری لە کومەلگادا دەچێنێتەوەو کۆمەلگا لە رێگاچارەی واقعیو کارسازو ئینسانی دور دەخاتەوە. لەم نوسراوەیەدا دەمەوێ ئەم حەقیقەتانە بۆ خەلك روون بکەمەوە. بەلام ئەوەی کە زیاتر سووری کردم لەسەر نوسینی ئەم بابەتە، ئەوەیە کە خۆشباوەریەکی یەکجار فراوان لە ناو خەلکدا بەرامبەر ئەم رووداوە هەیە، تەنانەت دەمەوێ راشکاوانە بلێم ئەم خوشباوەڕیە لە ریزەکانی حیزبیشدا بە ئاشکرا دەبینرێت. من دەمەوێ بە گژی ئەو خۆشباوەریەدا بچمەوەو بە دەوری خۆمو ئەوەندەی بە نوسراوێك بکرێت هەوڵدەم بۆ رزگارکردنی خەلك لەو خۆشباوەریو تێگەیشتنە ئاوەژووەی لەم بارەیەوە هەیە.

### تاوانو تاوانباران

لە پێشدا جیگای خۆیەتی جاریکی تر بە وردی سەرنج بدەینەوە بزانین تاوانەکان کامانەنو تاوانباران کێن؟ گومان لەوە نیە کە ئەو تاوانانەی کە باندی تیرۆریستو چەقۆکیشی شیخ زانا ئەنجامیانداوە، لە درندانەترین تاوانکاریەکانن کە بەرامبەر ئینسان بەریوەبراون. ئەم باندە بەو بەربەریەتە کەم وینەیە، نیشانیاندا کە لە هەموو هەستو هۆشێکی ئینسانی شۆراونەتەوە. بەلام لە پیشدا پرسیار ئەوەیە کە ئەمانە بۆ وا دەکەن؟ نە شێتی، نە بەرژەوەندی شەخصی، نە قینی شەخصی، نە تەماحو چاوچنۆکی، نە تەنانەت وەکو دەسەلاتداران دەڵێن تێکدانی ئەمنیەتی کۆمەلگا خۆی لە خۆیدا...و ...ناتوانن بەلگەی واقعی ئەم تاوانکاریە ترسناكو راچلەکینەرانە بەدەستەوە بدەن. بە تایبەت کە لە دنیای ئەمرۆدا ئەم تاوانکاریانە بێوێنەو تەنانەت کەم وێنە نینو تەنها لە کوردستان روویان نەداوە، بەلکو لە زۆر جیگای تری دنیادا، بە سەدان نمونەی هەمان تاوانکاری دەبینین. لە جەزائیر ساڵانێك ئینسان سەربرین بوو بە پیشەی تاقمە هاوبیرو هاو ڕێبازەکانی شیخ زانا. لە ئەفعانستانو ئیرانو سعودیەو ... فلیمیی دیکۆمێنتی کارەساتی بەردبارانکردنی ژنانو پەڕاندنی زەکەری پیاوانو ئیغتصابی ژنانو پاشان زیندەبەچالکردنیان دەگێرنەوە. رۆژانە لە شاشەی تەلەفزیونەکانەوە دەبینین چەقۆ لەسەر ملی هاوڵاتیانێکی بێگوناح راگیراوەو گیانیان کراوە بە بارمتەی گۆرینی سیاسەتی دەولەتانێك کە بایی پوشێك نرخ بۆ گیانی هاوڵاتیان دانانێن. هەر لەم کوردستانەدا پێش تاوانەکانی ئەم باندە، 15 سالە لە سایەی دەسەڵاتو هەل‌ومەرجی مەوجوددا، تیرۆرو چاوهەڵکۆڵینو لەتو پەتکردنی ئینسان، خەلکی ئەم کۆمەلگایەی هەراسان کردووە. کارەساتی گوندی "خێڵی حەمە" لەسەر دەستی باندی شیخ زانا روویندا، بەڵام لەسەر دەستی تاقمێك ئینسانکوژ روویدا کە هاوبیرو هاونەرێتو هاورێبازی شیخ زانا بوون. میژووی ئیسلامو کارکردی رابەرانو خەلیفەکان دەریایەك لە کوشتارو سەربڕینو ئیغتصابی هەر بەوجۆرەی باندی شیخ زانامان بۆ دەگێڕنەوە.

کەوایە ئەم تاوانکاریە پێش ئەوەی تاوانی ئەفرادێك بێت، تاوانی نەرێتو بزووتنەوەو بیروباوەڕی ئیسلامە، کە بەردەوام جیل لە دوای جیل جەلادی وەکو شیخ زانا بەرهەم دەهینێت، ئەحزابو تاقمی جۆراوجۆر دەداتە دەرەوە، کە ئەمانە لە پێناو گەیاندنو پیادەکردنی پەیامی خۆیاندا، پەنا بۆ ئەم کارانە دەبەن. کردەوەی تاوانکارانەی بەم جۆرە، بە درێژایی میژووی ئیسلام شێوەو رەوشتو نەرێتی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیە بووە بۆ سەپاندنی پەیامەکەی. ئەمە ئەو راستیەیە کە میدیای رەسمیو دەسەڵات لە چاوی خەلکی دەشارنەوەو رێك پێچەوانەکەی دەرخواردی خەلك دەدەن.

بەم پێەش ئەوانەی لە پشتی ئەم تاوانکاریانەوە راوەستاون، بریتین لە دینو نەریتی ئیسلام، باندو تاقمە ئیسلامیەکان، نوینەرانی فتوادەری جیهادی ئیسلامی، ئەو دەسەڵاتو دەولەتانەی کە دینی ئیسلامیان کردوە بە بنەمای دەستورو قانون، بە دیاریکراویش لە کوردستاندا هەل‌ومەرجی سەرگەردانو بێسەرەوبەرەی 15 سالی رابردوو زەمینەی رەخساند بۆ پەرەسەندنی هەموو ئەوانەی لە پێشەوە باسکران.

# ئیعدام  چەپەڵترین شێوەی قەتلی عەمدیە

هەر بەو جۆرەی لـێ‌ی چاوەروان دەكرا، دەسەلاتی ئیستای كوردستان لە جیاتی دەستبردن بۆ ریشەو زەمینەكانی ئەم جۆرە كارەسات‌و تاوانكاریانە، لە جیاتی مامەڵەیەكی جدی لەگەڵ سەرجەم تاوانبارانی پشتی ئەم بەربەریەتە، دوای ساڵێك لە گێڕانی سیناریۆی پشتی پەردەو مامەلە كردن بە كەیسی ئەم باندەوە. سەرئەنجام بە ئیعدام كردنی ئەو تاوانبارانە، دەیەوێ وانیشانبدات كە پەیگیرانەترین ریگاچارەی بۆ رووبەرووبونەوەی ئەم جۆرە تاوانـە پیادەكردوە. بـەڵام لە واقعدا نەك هەر پوچترین رێگایان هەڵبژارد، نەك هەر لە رێگاچارەی واقعی خۆیان دزیەوە، نەك هەر گەردنی شەریكە تاوانەكانی ئەم باندەیان ئازادكرد، نەك هەر زەمینەو هۆكارەكانی ئەم تاوانكاریەیان بە دەست لێنەدراوی هێشتوەتەوە، بەلكو بەم كارە جارێكی تر تۆوی تاوان‌و تاوانكاریان چاندەوە.

من كاتی ئاشكرابوونی ئەم باندەو تاوانە سامناكەكانیان، لە نوسراوێكدا شەریكە تاوانەكانی ئەم باندەو چۆنیەتی رووبەرووبونـەوەی ئـەم جـۆرە تاوانكاریـەم روونكردەوە. بـەڵام ئـەوەی دەسـەلات بەلایدا نەچووە، تـەنها رێگاچارەی واقعیـە. لـە رۆژگارێكدا كـە دەیانـەوێ بـە ئیعدامی ئـەم بانـدە، وا نیشانبدەن كـە كارسازترین رێگاچارەیان بۆ بەرگرتن لەم تاوانكاریە گرتوەتەبەر، دروست هەر لەو رۆژگارەدا هەمان دەسەڵات خەریكی دارشتن‌و داسەپاندنی دەستورێكە كـە بە ووتەی خۆیان ئیسلام سەرچاوەیەكی سەرەكیەتی. میژوو نیشانیداوە تا دین‌و لەوانەش دینی ئیسلام سەرچاوەی دەسـتورو یاسا بێـت، تـا دیـن تێكـەڵ بـە دەولەت‌و پەروەردەو فێركردن كرابێت، تا كاتێك كە بە لێشاو داهاتی وولات بۆ پڕوپاگەندەو بەهێزكردنی پایەی دیـن تـەرخان بكرێـت، تـا كاتێـك كـە بانـدە تیرۆریستە ئیسلامیەكان ئازادانە هەڵسوڕانی تیرۆریستی بكەن‌و فتوا ببەخشیننەوەو لە دەولـەت داهـات بـۆ هەڵسوڕانی تیرۆریستیان وەرگـرن‌و لـە دەسـەڵات شەریك بكرێن، وە سەرئەنجام تا كاتێك هەل‌ومەرجیكی بێ سەرەوبەرەو هەڵواسراوی وەكو ئەم 15 سالەی كوردستان لە ئارادابێت، تیرۆریزم‌و ئینسان كوژی ئیسلامی هەر بەردەوام‌و پەرەگرتوو دەبێت.

دەسەڵاتی ئیستاش نەك هەر بە هیچ جۆرێك دەست بۆ لابردنی هیـچ یـەك لـەم فاكتۆرانـە نابـات، بەڵـكو بـەردەوام بـەهێزیان دەكـات‌و نـەرێت‌و بیروبـاوەرو شەریعەتی شیخ زانا دەكاتە بنەمای دەستورو دەیتەپێنێتە ناو یاساوە. لە بری ئەو هەنگاوە كارسازانە، رێگای پوچـی ئیعـدام دەگرێتەبـەر. شـیخ زانـا ئیعـدام دەكەن، بەڵام هەر دروست مەراسیمی ئیعدام كردنەكەی دەكەن بە پاساو بۆ ئەو نـەرێت‌و بیروبـاوەرەی كـە شـیخ زانـای بارهێنـاوە. شـیخ زانـا ئیعـدام دەكـەن بەڵام بە دەستورو یاساو داهات‌و پروپاگەندە، تەلاری كارخانەكانی بەرهەم هێنانی شیخ زاناكان بەرزتر دەكەنەوە. بەلام بەدەر لەو چەوت‌و چێلی‌و ناكۆكیـە گەورانەی بریـارو هـەنگاوەكانی دەسـەلات، دەكرێـت نیشانیبدەین كـە ئیعـدام ریگاچـارە نیـە، بـەلكو چانـدنی تـۆوی تاوانكاری‌و دەمەزەردكردنـەوەی تـاوان‌و بەدەستەوە گرتنی شێوازیكە بۆ تۆقاندنی خەلك‌و حوكمڕانی كردن بەسەریاندا.

وەكو منصور حكمت دەڵێت " ئیعدام چەپەڵترین‌و پیسترین شێوەی قەتلی بە ئەنقەستە". لە كۆمەلگایەكدا كە بەپێ‌ی قانوون‌و بە شێوەی رەسمـی‌و لەلایـەن دەوڵەتەوە، بەدەستی ئەنقەست‌و هوشیارانەو بەپێ‌ی بریارو نەخشەیەكی لە پێشدا داڕێژراو، بە ئاگاداری گشتی خەڵك، كەسانێك بكوژرێن، لە كۆمەلگایەكدا كە مەراسیم بۆ بەریوەبردنی حوكمی دلڕەقانەی ئیعدام سازبدرێت‌و بە ئاوو تاوو ستایشێكی زۆرەوە لە میدیاكانەوە گوزارش بكریت، لـە كۆمەلگایەكدا كە نیشاندانی ووێنەی ئینسانی خنكێنراو بە پەتی سیدارە لە میدیاوە، بە ووتەی رۆژنامەكان بكرێتە مایە "فێنكردنـەوەی دڵـی خـەلك"، لـە كۆمەلگایەكدا كە نوێنەرانی وەزارەت‌و دام‌و دەزگا رەسمیەكان بە خۆشحاڵیەوە بەشداری مەراسیمی بەڕێوەبردنی سزای ئیعدام بكەن‌و وەكو جەژن بە خـەڵكی بقـەبڵێنن، ئـیتر لەو كۆمەلگایەدا هەر جۆرە قسەیەك دەربارەی بەرگرتن لە كوشتارو بنەبركردنی تاوان، ئیدعایـەكی هـەتا بلـێ‌ی پـوچ‌و فریوكارانەیـە. ئـەوەی دەسـەلات بـە پێ‌ی یاساو بەپێ‌ی بریاری داداگاكەی كوشتنی ئینسان‌و رشتنی خوێنی ئینسان حەڵاڵ دەكات، جا با هەرچەندە زۆر زۆریش تاوانبـاربن، مانایـەكی نیـە جگـە لەوەی كە بە راشكاوترین شێوە بوار بەروی تاوان‌و ئینسان كوشتندا دەكاتەوە. ئەوەش كە مەراسیم‌و جەژنی بۆ دەگرن‌و لاشە خنكێنراوەكان لەسەر لاپەرەی رۆژنامەكانەوە دەكەن بە مەزەی بزاواندنی زەوقی خەلك، مانایەكی نیە جگە لە راهێنانی خەلك لەسەر تاوان‌و ئاسایی نیشاندانی كوشتنی ئینسان.

منصور حكمت دەلیت "كوشتنی قاتل دوپاتكردنەوەی قەتلە"، چ ئەوەی دەولەت بەپێ‌ی یاساو بە شێوەی رەسمی ئەم كارە ئەنجام بدات، یان حیزب‌و هێزێكی سیاسی، یان باندو ئەفرادیك بەم كارە هەستن، هیچ لە ناوەرۆكی ئەو حوكمە دروستەی منصور حكمت ناگۆرێت. ئەگەر بریاربێـت لـە كۆمەلگایەكـدا بـەپێ‌ی یاسا، ئینسانكوشتن رەواو رێگەپێدراوبێت، ئەوە ئەم یاسایە نەرێت‌و باوەرێك بنیات دەنێت لەو كۆمەلگایەدا، كە ئینسانەكان بە بەهانەو پاساوێك كە خۆیـان پێ‌ی دەگەن، بێ سڵكردنەوە دەستیان بچێتە خـوێنی خـەلكی تـرو بیكوژن. ئەمـە رشـتنی ئـاوی ئەوەیـە كـە هـەر عەشـیرەت‌و بنەماڵـەو خێـزان‌و تەنانـەت ئەفرادێك، لەسەر هەمان بنەماو نەرێتی دەسەڵات‌و یاسا، لەسەر هەر كارێك كە بە عەقل‌و مەنتقی خۆیان بە تاوانی گەورەی بزانن، لە دادگای خۆیاندا هـەر وەكو دەولەت بە شانازیەوە، حوكمی مەرگ بەسەر كچ‌و ژن‌و كوری بنەماڵەكەیان، یان خەڵكانی تردا، بسەپێنن. نمونەكانی ئەمەش هەتا بلـێ‌ی زۆرە.

ئیعدام تۆوی تاوانكاری‌و تۆڵەسەندنەوە دەچینێ، لەو كۆمەلگایانەدا كە حوكمی ئیعدام لەلایەن دەولەتەوە بەرێوەدەبرێت، زۆرترین تاوانكاری‌و قەتل بەرێوە دەچێت. تەجروبە نیشانیداوە لە وولاتێكی وەكو سویددا كە حوكمی ئیعدام قەدەغەیەو ئیعدام هیچ پاساوێك هـەڵناگرێت، چـەند بەرابـەری وولاتێكی وەكو ئەمریكا كە حوكمی ئیعدامی تیادا بەرێوە دەبرێت، تاوان‌و كوشـتنی ئینسان كـەمترە. بـە هـەمان شـێوە لـەو وولاتانـەی كـە رێـژەی ئیعدام زۆرتـرو زۆرتـرە، هاوتای ئەوەش كوشتنی ئینسان زۆرترو سادەترە. ئیعدام وەكو زەقترین شێوەی كوشتنی عەمـدی، ئینسان لەسـەر كوشتن‌و تاوانكاری باردەهێنێت، گیانی سڵكردنەوە لە كوشتن لە دەروونی ئینساندا لاواز دەكات. كوشـتنی ئینسان بـە بەهانـەی جۆراوجۆر دەكاتـە كارێكی ئاسایی‌و خـەلكی بـۆ رادەهێنـێ، سۆزی

ئینسان بۆ هاورەگەزی خۆی دەتاسینێ. ئیعدام نەرێتی ئینسانو شایستەی ئینسان نیە، پاشماوەی سەردەمی بەربەریەتو رۆژگارێکە کە مرۆڤ گۆشتی یەکتریان دەخوارد.

ئیعدام ریگا لە تاوانکاری ناگرێتو هەنگاوێك نیە بۆ بنەبڕکردنی تاوان. ئەو دەسەلاتەی کە یاسا بۆ ئیعدام کردنی ئینسان دادەڕێژێ، مەبەستی سەرەکی رووبەرووبونەوەی تاوانو تاوانباران نیە، بەلکو مەبەستی ملکەچکردنو دەستەمۆکردنی خەلكو حوکمرانی کردنە بەسەریاندا. لە کۆمەلگایەکدا کە بەپێی یاسا سزای ئیعدام بەرێوەدەچێت، تا چوار تاوانباری وەکو شیخ زانا ئیعدام دەکرێت، سەدانو هەزاران ئینسانی خەباتکارو تێکۆشەر، سەدانو هەزاران ئینسانی بێتاوان، لەسەر مخالەفەتی سیاسیو ملدانەنەواندن بۆ دەسەلات، یان لەسەر پیادەکردنی سەرەتاییترین مافی خۆیانو لادان لە نەرێتی کۆنەپەرستانە، ئیعدام دەکرێن. هەموو تاریخی کۆمەلگای بەشەری بەبی هیچ ئیستسنایەك ئەم راستیەی سەلماندوە.

## ئیعدام خۆ لادانە لە رێگاچارە

ئیعدام خۆدزینەوەیە لە رێگاچارەی واقعی. لەگەل دادگایی کردنی ئاشکرای تاوانبارانو توندکردنیان لە زیندان، گرتنەپێشی کۆمەلێك هەنگاوی سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیو پەروەردەییو راهێنانی، دەتوانێ تاوانکاریو کوشتنی عەمدی ئینسان تا ئەوپەری رادەی خۆی کەم بکاتەوە. لەم بارەیەوە من لە ووتاری "شەریکە تاوانەکانی باندی شیخ زانا کێنو چۆن ئەم مەترسیە ریشەکێش دەکرێت"، کۆمەلێك لەو هەنگاوانەم روونکردوەتەوە. بەلام دەسەلاتداران خۆیان لەو هەنگاوانە دەدزنەوەو لەسەر هێشتنەوەی زەمینەکانی ئەم تاوانکاریە پێدادەگرن، لە جیاتی هەموو ئەوانە ریگای چەوتی ئیعدام کردن دەگرنەبەر.

یەکێك لە زەقترین دیاردەکانی ستەمکێشی خەلکی کۆمەلگایەك، ئەوەیە لەو کۆمەلگایەدا سزای ئیعدام بەپێی یاسا لە دژی ئینسان بەرێوەببرێت. تاوانی ئەو ملیونەها خەلکە چیە کە دەبی بە باسی ئیعدامو مەراسیمی ئیعدامو تەماشاکردنی لاشەی خنکێنراو دەرونیان بگوشرێت؟ ئەو کۆمەلگایەی بە کوشتنی عەمدی ئینسان دلی فێنك دەبیتەوە، مانای وایە بە گرفتو بەلاکی گەورە گیرۆدەیە. دەسەلاتو دەولەتێك کە ئیعدام وەکو یەکیك لە ریگاچارە کارسازەکانی بەرگرتن لە تاوان لە قەلەم بدات، بەلگەی ئەوەیە کە خۆی نوقمی بێعەدالەتیو تاوانکاریە. رژیمی بەعسو جمهوری ئیسلامی بەرجەستەترین نمونەکانی ئەم راستیەن. با فایلی دکتاتۆریەتو سەرکوتی سیاسی ئەم رژێمانە لەولاوە دانێین، بەلام ئەگەر بکرایە تەنانەت ئیعدام کردنی خەلك لەسەر تاوانو کوشتنو دزیو.... پیوانەی عەدالەتو وەستانەوە دژی تاوانکاری بوایە، ئەوە حکومەتی هەریم لە بواری وەستانەوە بەرامبەر تاواندا، بە تۆزی رژیمی بەعس و جمهوری ئیسلامیدا نەدەگەیشت. ئەگەر بکرایە بە پیادەکردنی سزای ئیعدام ئەم جۆرە تاوانە کەم بکرێتەوە، ئەوە دەبوو لە سایەی دەسەلاتی بەعسو جمهوری ئیسلامیدا، هیچ خەبەرێك لەم جۆرە تاوانە نەبوایە.

## قەدەغە بوونی ئیعدام قەیدو بەندو ئیستسنای نیە

مەیلی مخالەفەت بە کوشتنی عەمدی ئینسانو بە دیاریکراوی ئیعدام کردن، وەکو غەریزەیەکی ئینسانی، لە نیو کۆمەلگادا ریشەیەکی فراوانی هەیە. بە دیاریکراویش لە کۆمەلگایەکی مودێرنی وەکو کوردستاندا، هوشیاری خەلکەکەی بەو رادەیە گەیشتوە کە لە ئاستێکی فراواندا نەفرەت لە ئیعدام بکرێت. حیزبی ئێمەش لەم چەند سالەدا دەوری گیراوە لە پەرەپێدانی ئەم مەیلو باوەرە ئینسانیە. بۆیە مخالەفەت لەگەل بەرێوەبردنی سزای ئیعدام ئێستا وەکو مەیلێکی فراوان دەبینرێت. بەلام جێگای نیگەرانیە، کە هەتا لە نێو ئەوانەشدا کە دژی بەرێوەبردنی ئەم سزایەن، تەنانەت لە نێو ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریشدا، ئەو بۆچونە هەیە کە دەلی "راستە سزای ئیعدام شایستەی ئینسان نیەو دەبی قەدەغە بکرێت، بەلام وەکو حالەتێکی تایبەت ئەم باندەی شیخ زانا یان صدامو سەرانی بەعس، بەپێی تاوانە گەورەکانیان مستەحەقی ئیعدامنو نابێ قەدەغە بوونی سزای ئیعدام ئەوان بگرێتەوە".

بەلام لە راستیدا ئەم بۆچونە سەرتاپا چەوتو هەلەیە. ئەو ئیستسنایە هیچ مانایەك بۆ مەبدەئی قەدەغەبوونی سزای ئیعدام ناهێلێتەوە. چونکە لە واقعدا سزای ئیعدام خۆی هەر لەسەر بناغەی ئەم تیزو تێروانینە بەرێوەدەچێت. هیچ کەسو هیچ تاوانکارو خوێنخۆرێك سزای ئیعدامی بە شایستەی هەموو کەس دانەناوە، لە روانگەی هەرکەسێکەوە کە باوەڕی بەم مەسەلەیە هەبێت، کەسانێك مستەحەقی ئیعدامنو کەسانیك مستەحەق نین. لە روانگەی صدامو خومەینیو بوشو بن لادنەوە... هەلسوڕاوانی سیاسیو شۆڕشگێرانو مخالفینی خۆیان تاوانبارو مستەحەقی ئیعدامن، لە روانگەی کەسانێکی تریشەوە، بۆ نمونە ئەوانەی لایەنگری لە ئیعدامی باندی شیخ زانا دەکەن، صدامو سەرانی بەعسو شیخ زانا تاوانباری گەورەو مستەحەقی ئیعدامن. بەم جۆرە چەرخی ئیعدام دەتوانی هەروا بچەرخێتو هەر دەسەلاتو هێزیك ملی کەسانێکی پێدا بکات. ئەمە ئیتر دژایەتی سزای ئیعدام نیە، بەلکو تیئوری بەردەوام بوونی سزای ئیعدامە.

مەسەلەکە سافو سادە ئەوەیە کە یان سزای ئیعدام قەدەغەیە، یان قەدەغە نیە. ئەگەر قەدەغە بوو ئیتر تاوانبارانێکی وەکو صدامو سەرانی بەعسو باندی شیخ زاناو زەرقاویو بوشو بلێرو بنلادنیش دەگرێتەوە. ئەگەر قەدەغەش نەبێت، ئیتر بە تەبریری جۆراوجۆر بە تایبەتی لە دژی هەموو بەشەرێکی بێ تاوان، لە دژی خەلکی کریکارو زەحمەتکێشی بە دەنگهاتوو بەرامبەر چەوسانەوە، لە دژی هەموو هەلسوراوانی سیاسی، لە دژی ژنانیش... بەرێوەدەبرێت. جەلال تالەبانی دەلێ من بەلگەنامەیەکم ئیمزاکردوە دژی بەرێوەچونی سزای ئیعدام، بۆیە ناتوانم بریاری ئیعدام کردنی صدام ئیمزا بکەم. کەوایە هەموو

ئەوانەی بە راستی دژی سزای ئیعدام بن، ناتوانن ئیتر هیچ ئیستسنایەك بکەن، هەر بەم پێیەش ناکرێ تەنانەت لایەنگری لە ئیعدامی باندی شیخ زاناو صدامو سەرانی بەعسیش بکەن.

مێژوو بە کردەوە نیشانیداوە کە هەتا بەدەر لە لایەنە ئینسانیەکەی، هەمیشە خەلكو بەرەی ئازادیخوازی لە حوکمی ئیعدام زەرەری گەورەی کردوەو بوە بە قوربانی، بەرەی کۆنەپەرستیو زۆرداریش زۆرترین کەلکی لێ وەرگرتوە. تا رێکەوت وای کردوە کەسانێکی وەکو صدامو شیخ زانا بکەونە بەردەم پەتی سیدارە، ملیۆنەها خەلکی بێ تاوانو تێکۆشەرو ئازادیخواز لە سێدارە دراون. مێژوو شایەتە کە ئیعدامو پەتی سێدارە لە بنەرەتدا بۆ خەلکی چەوساوەو ئازادیخوازو نارازی بووە، نەك بۆ تاوانبارانی واقعی. ئەگەر ئەم سزایەش بە تەواوی قەدەغە بکریت، لە بنەرەتدا خەلكو ئینسانیەتو بەرەی ئازادیخوازی لە کۆمەلگادا لێی رزگار دەبێت. بەلاّم ئەگەر بەرەی ئازادیخوازی بیەوێ سزای ئیعدام لە کۆل ئینسانیەت بکاتەوەو قەدەغەی بکات، ئەگەر بیەوێ دەستی زۆرداران‌و دەسەلاّتە خوێنرێژو دکتاتۆرەکان بەرامبەر ئینسانیەت ببەستێت، دروست دەبێ هەر ئەو رۆژە بیکات، کە نۆرە دیتە سەر تاوانبارانێکی وەکو صدامو شیخ زانا. ئەو رۆژە بلی ئەمانە هەرچەند تاوانبارن‌و دەبێ سزای شیاوی خۆیان وەرگرن، بەلاّم نابی ئیعدام بکرێن، ئیعدام شیاوی ئینسان نیە.

ئەگەر کۆمەلگا بتوانێ ئەمرۆ ئەوە بسەپێنێ کە ئیعدام شایستەی ئینسان نیەو قەدەغەیەو تەنانەت نابێ لە دژی گەورە تاوانکارانێکی وەکو صدامو شیخ زاناش بەرێوەببرێت، مانای وایە گەورەترین هەنگاوی لە رێگای قەدەغەکردنی سزای ئیعدام هەلهێناوەو گەورەترین دیوار لەبەردەم هەر دەسەلاّتو یاسایەك دروست دەکات کە سبەینێ بە هەر بەهانەیەك بیەوێ کەسانی دیکە لەوانە خەلکی بێتاوان‌و شۆرشگێران‌و چەپو کۆمۆنیستەکان، مەحکوم بە ئیعدام بکات.

کەوایە باسکردن‌و بەرجەستە کردنی تاوانە درندانەکانی باندی شیخ زانا، ئەگەر چەند بەرابەریش بێتەوە، بە هیچ شێوەیەك بەلگەی ئەوە نین، کە حەقانیەت بدرێت بە ئیعدام کردنیان. کاتێك دەلێین ئیعدام قەدەغەیەو نابێ ئینسان ئیعدام بکرێت، لەسەر ئەو بناغەیە نیە کە ئەوکەسەی مەحکوم بە ئیعدام دەکرێت، تاوانەکەی بچوکە یان گەورەیە، هەروەها ئەمە هیچ لایەنێکی بەرگری لە تاوانبار یان بەکەم نیشاندانی تاوانەکەی نیە، بەلکو مەبەست چەسپاندنی پێوانەو پرەنسیپێکە بۆ بەرگری لە ئینسانیەت، بۆ بەرگری لە رێزو کەرامەتی ئینسان. ئەمە ناکریت هیچ قەیدو بەندو ئیستسنایەکی بۆ دابنریت، ئەگینا هیچ مانایەکی واقعی بۆ نامێنێتەوە.

## ئیعدامو "سەروەری یاسا" لە کوردستان

لە راستیدا دەکریت گەلێك مەلەفو مەرامو حەقیقەت لە پشتی ئیعدام کردنی باندی شیخ زاناوە نیشانبدرێت. یەکێك لەوانە ئەو پروپاگەندەیەیە کە گوایە سالێك دواخستنی ئیعدامی ئەم باندە بەو هۆیەوە بووە کە یاسای کارکردن بە سزای ئیعدام نەبووەو دەسەلاّت چاوەروانی بریاری گێرانەوەی کارپێکردنی ئەم یاسایە بووە لەلایەن پەرلەمانەوە. ئەگەر کەسێك ئاگای لە واقعی کوردستان نەبێتو گوێی لەم قسەیە بێت، دەلێ ماشاالله لە کوردستان چەندە حوکمی قانون بە رێكو پێکی بەرێوەدەچێتو چەندە رێز لە مافی مرۆڤ دەگیرێت؟

بەلاّم لە راستیدا نە دواخستنی ئەم کارە لە ماوەی یەکسالی رابردوودا پەیوەندی بە یاساوە بوە بۆ کارکردن بە سزای ئیعدامو نە جێبەجێ کردنی ئەو حوکمە هیچ پەیوەندی بە یاساو وەستانەوە بەرامبەر تاوانەوە هەیە. سەرنجێکی کورت لە کارکردی 15 سالی رابردوی دەسەلاّتی کوردستان بەسە بۆ ئەوەی هیچ گومانێك لەم بارەیەوە نەهێلێتەوە. ئەگەر باندی شیخ زانا بەخت میوانیان بوایەو هەلومەرجو بەندوبەستێکی سیاسی بیانیگرتایەوە، نەك هەر دەکرا لە دەرەوەی هەموو یاسایەك لە ئیعدام رزگاربونایە، بەلکو دەکرا وەکو سەدان تاوانباری دیکە ئازادبونایەو وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچونایە. تازە ترین نمونەی ئەم راستیە بکوژی دوو خوشك بە ناوی "مەهاباتو جوان عبدالله"یە کە بە پلانی یەکێتیو بە سولحی عەشایەری بۆی پینە دەکەن. لە ماوەی دەسەلاّتی ئەم حیزبانەدا بە سەدان تاوانبار کراون بە بابەتی بەندو بەستی نێوان ئەحزابو ئازادکراون.

بەلاّم سەیرتر لەمە ئەوەیە کە گوایە لە ماوەی دەسەلاّتی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستاندا، ئەمە یەکەمجارە سزای ئیعدام بەرێوە دەچێتو ئەویش بەپێی یاساو حوکمی دادگا! بەلاّم هیچ هاولاّتیەکی ئەم کۆمەلگایە هەیە ئەو راستیە نەزانی کە تا ئێستا بە سەدان کەس، بە دەستی ئەم حیزبو دەسەلاّتانە، لە پەناوپاساردا، تەنانەت بەبێ بەرێوەچونی روالەتی‌ترین دادگاش ئیعدام کراون. لە نمونەی ئەوانە بە بەرچاوی خەلکەوە بوون، بکر علی بە بریندار ئیعدام کرا، شیخ عبدول بە دیلی ئیعدام کرا... ئەگەر بکرایە ئەرشیفی زیندانەکانی ئاکرێو ئاسایشی سلیمانی بخرایە بەردەستی خەلك، دەردەکەوت کە چ لێشاوێك لە خەلك بە بێ هیچ دادگایەك لەم سالانەدا ئیعدام کراون. بەلاّم لەوانەش بەرجەستەتر، ئیعدامی بە کۆمەلی دیلەکانی شەری ناوخۆیە کە بە دیلی کۆمەلکوژ کراون. تا ئێستاش سەدان دیلی ئەو شەرە نەگریسە بێسەروشوێن‌و کەسو کاریان بە دوایاندا وێلن. ئایا تالەبانیو بارزانی ئامادەن لەوە زیاتر کەسو کاریان لە چاوەروانیدا رانەگرن‌و چارەنوسی رۆلەکانیان بۆ ئاشکرا بکەن‌و دانبنین بەو ئیعدامو کۆمەلکوژیانەدا کە حیزبو میلیشیاکانیان ئەنجامیانداوە؟!

## ئەنجامگیری

ئیعدام کردنی باندی شیخ زانا وەکو هەنگاویك کە لەلایەن دەسەلاتەوە بە ستایشەوە باس دەکریت، نەك هەر ریگاچارە نەبوو، بەلکو یاسایی کردنەوەی کوشتنی ئینسان بوو. ئەوەی کە بکرێت بەپێی یاسا ئینسان بە دەستی ئینسان بکوژرێت، برینی تاوانە سامناکەکانی ئەو جۆرە باندانە لە جەستەی کۆمەلگا قولتر دەکاتەوە. رێزی ئینسان دەشکێنێت، تۆوی تاوان دەچێنێت، گیانی تۆلە سەندنەوە پەرەپێدەدات، کۆمەلگا لە پێوانەو پرەنسیپە ئینسانیەکان دور

دەخاتەوە. خەلك لەگەل كوشتارو كوشتنی عەمدی باردەهێنێت. لە سایەی یاسایەكی وادا تاوان پەرەدەسەنێو زەمینـە دەدات بـە سـەرهەلدانی دەیـان بانـدی ئینسانكوژی وەكو باندی شیخ زانا.

لە كاتیكدا ریگاچارەی كارساز هەبوو، دەكرا ئەو ریگایانە بگیرایەبەر. دەكرا ئەم بانـدە دادگاییـەكی ئاشـكرا بكرانایـە، دەكـرا بـۆ خـەلك روونبكرێتـەوە كـە چ مەرامو ئامانجو رێبازو نەرێتێك لە پشتی ئەم باندەو تاوانەكانیانەوە خۆی حەشارداوە، دەكرا ناوەرۆكی ئەو نەرێتو ریبازەی شیخ زانای بەرهەم هیناوە بـۆ خەلك روونبكرایەتەوەو ریسوا بكرایەو بـەم جـۆرە خـەلكی لێدوربخرایەتـەوە، دەكـرا كۆمـەلگا بـۆ رووبەرووبونەوەیـەكی چالاكو هەمەلایەنـەی ئـەم جـۆرە مەترسیە ئامادە بكرایە. دەكرا ئەم دادگایە بكرایە بە بنەمای هەنگاوهەلگرتن بۆ دروخستنەوەی كۆمەلگا لە نەرێتو بیروبـاوەری شـیخ زاناكـان، دەكـرا هـەر بەم بۆنەیەوە دین لە دەولەتو پەروەردەو فێركردن جیابكرێتەوە، دەكرا هەر بەم بۆنەیەوە هەڵسوڕانی باندە تیرۆریستە ئیسلامیەكان قەدەغـە بكرایـە بـە تایبەتی كە بە ئیعترافی خودی ئەم باندە بە شێوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ كەلكو هاوكاریان لێیان وەرگرتون، دەكـرا بـەم بۆنەیـەوە هەڵمـەتیكی گـەورەی كۆمەلایەتیو هوشیاردەرانە بۆ وەستانەوە دژی تاوانو توندو تیژیو تیرۆر بەرپابكرایە، ...دەكراو دەكراو دەكرا...

دەكرا چەندین هەنگاوی دیكەی بەم جۆرە بەرێوە ببرایە. لەپال ئەمانەشەوە باندی شیخ زنا لـە زینـدان تونـد بكرانایـەو رێگای تاوانكاریـان لێبگیرایـە. بـەم جۆرە دەكرا لە جیاتی ئەوەی بە ئیعدامو كوشتنی ئینسان "فێنكی بخەنە دلی خەلكەوە"و كوشـتنی ئینسـان لای خـەلك ئاسـایی نیشـانبدەن، هەسـتو سـۆزی ئینسان بۆ یەكتری ئەوەندە بەهێزبكرایە، نەفرەت لە تاوانو كوشـتنی ئینسـان ئەوەنـدە بەهیزبكرایـە، ئینسـان ئەوەنـدە پـیرۆرزو نـازەنین بكرایـە، كوشـتنی ئینسان ئەوەندە بە كفرێكی گەورە نیشانبدرایە كە هیچ كەس بیری لی نەكاتەوەو ئەو بیروباوەرو ریبازو نەرێتەش بخرایەتە ژێرپێوە كە بە هەر بەهانەیەك بێت تاوانو كوشتنی عەمدی بەشەر حـەلاڵو پاسـاو دەكـات. كۆمـەلگا دەبـێ بێتەپشـتی رێگـا چارەیەكی بـەم جـۆرەو حـوكمی ئیعـدام وەكـو دلڕەقانـەترینو پیسترین شێوەی كوشتنی عەمدی ئینسان، نەفرەتی لێبكرێت. نابی بە هیچ پاسـاوو بەهانەیـەك ریگـا بـەم دیـاردە پـیسو نەشـیاوە بـدرێت، حـوكمی ئیعـدام دەبی بە تەواوی قەدەغە بكرێت.